# مانگی ڕەمەزان وانەیەك لە خوا پەرستی و بونیادنان

[ kurdish – کوردی – كردي ]

یاسین ئەحمەد زەنگەنە

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ شهر رمضان: درس في العبادة وبناء الذات ﴾

« باللغة الكردية »


ياسين أحمد زنكنة

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2011 - 1432

IslamHouse.com

# مانگی رەمەزان وانەیەك لە خوا پەرستی و بونیادنان

_ رەمەزان ئەو مانگە پیرۆزەی پەروەردگاری مەزن و دلۆڤان وەك دیاری و هەلێك بەخشیویەتی بە بەندەكانی تا لە لاوازی و هەژاری و زەلیلی و گوناهو تاوان و خەم و پەژارەو...... رزگاریان بكات ..

رەمەزان مانگی قورئان و رۆژوو گرتن، مانگی سەخاوەت و لێبوردن و سۆز و بەزەیی و فەڕ و بەرەكەت، مانگی تێكۆشان و سەرەكەوتنە مەزنەكانی ئیسلام .

_ رەمەزان مانگێكی تەقلیدی نییە و رۆژەكانیشی رۆژی ئاسایی نین و بەخێرایی دەگوزەرێن و تێپەڕ دەبن ، هەروەك خوای بەرز و كاربەجێ فەرمویەتی {يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٨٣﴾ أَيَّامًا مَّعْدُودَٰتٍ} البقرة ١٨٣-١٨٤ .

ئەو چەند رۆژە بە باشترین رۆژەكانی ساڵ وەسف كراوە و ، شەوی قەدر تێیدا خێر و پاداشتی هەزار مانگی هەیە . جا پێویستە نەهێڵین ئەم رۆژانەمان وا بەئاسانی بە سەردا گوزەر بكات و سودی تەواومان لێ نەدیتبێت . ماڵ وێران ئەو

کەسەی بگاتە رەمەزان و بەسەریدا تێپەڕێت و خوای گەورە لێیی خۆش نەبوبێت .

رەمەزان ئەو مانگەی دەرگاکانی بەهەشتی تێدا کراوەتەوەو دەرگاکانی دۆزەخیش داخراوەو شەیتانەکانیش کۆت و بەند کراون، ماڵ وێران ئەو کەسەی ئەم مانگە نەکاتە وێستگەی خواپەرستی و بەخۆداچونەوەو خوبنیاتنان و ئەم هەلە زێڕینە لەدەست بدات، ئەی کەی خوا پەرستی دەکات و چاوەڕوانی چی دەکات ؟

_ رەمەزان ئەو مانگەیە کە مرۆڤ لەشتە باوو راهاتووەکانی پێشتری دێتە دەرەوەو لەسەر نەزمێکی تری ژیان رادێت و هەڵسوکەوت دەکات، گەورەیی رەمەزان لەوەدایە کە توانای لە بنیاتنانەوەی تاك و کۆمەڵ و نەتەوەدا بێ ئەندازەیە، لە رەخساندنی هەل بۆ تاکەکان بۆ سازدانی کەش و هەوای پەروەردەیی راستەقینە و توانای سەرکەوتن بەسەر دەرون و فێربوونی هونەری راهێنان و بەڕێوەبردن و بونیاد نانی خود .

_ حیکمەتو هۆی بنچینەیی لە رۆژوودا بریتییە لە تەقواو خواپەرستی، ئەمەش تەنها بەخۆگرتنەوە لە خواردن و خواردنەوەو جووتبووندا نایەتە دی، بەڵکو بەرز بونەوەیە بەسەر پێداویستیەکانی لاشەو ئارامگرتن لە سەر پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان، پڕیاردانی ویست و ئیرادەو زاڵبونی مرۆڤایەتی مرۆڤە بەسەر لایەنی ئاژەلێدا . لە رۆژوودا مرۆڤ پەیوەندییەکانی لەگەڵ پەروەردگاریدا چاك و بەهێز دەکات و پەیوەندییەکانی لەگەڵ خود و دەرونی خۆیدا چاك دەکات و

ئینجا لەگەڵ دەوربەرەکەیدا بەشێوەیەکی دروست و جوان مامەڵە دەکات . بەمەش مرۆڤ سەرکەوتووی دونیاو دوارۆژ دەبێت، رۆژووگرتن پەیوەندییەکی توندی هەیە بە تێکۆشانی دڵ و دەرونەوە دەکرێت بڵێین تێکۆشانێکی گەورەو مەزنەو زاڵبونی روح و گیانە بەسەر خواست و داخوازییەکانی لاشەدا.

_ رۆژوو دەتوانێت ئەو کاریگەرییە بەدی بێنێت کە بریتیە لە تەقواو و خواپەرستی گەر رۆژوەکە بەدروستی بگیرێت ، مرۆڤ بتوانێت موجاهەدەی دەرونی خۆی بکات و زاڵ بێت بەسەریدا، زمانی بپارێزێت لە درۆ و دووزمانی و غەیبەت و جنێو و قسەی نەشیاو، چاوەکانی بپارێزێت لە تەماشاکردنی حەرام و، دەرونی بپارێزێت لە گومان . ئەمەش واتە رۆژووگرتن گەورەترە لە خوگرتنەوە لە خواردن و خواردنەوە و شەهوەت هەروەك لە فەرمودەدا پێغەمبەری ئازیزمان (صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی ( من لم یدع قول الزور والعمل به فلیس لله حاجة في أن یدع طعامه و شرابه ) البخاری .

_ سەروەرمان فێرمان دەکات رۆژووگرتنی راستەقینە ئەوەیە بمانپارێزێت و بەرزمان بکاتەوە بەسەر شەهەوات و حەزی دەروندا، رۆژوو چۆن دەبێت ئەندامەکانی لاشە بە رۆژوو نەبن، دڵ ودەرون بە پێچەوانەی واتای رۆژووەوە کار بکات .

گەر تەقواو و خواپەرستی هاتە دی ئەوا دەرگاکانی خێر و بەرەکەت و رزق و رۆزی بەروی ئادەمیزادا والێ دەبێت، لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵ و نەتەوە بە گشتی هەروەك

پەروەردگاری بەرز و کاربەجێ فەرمویەتی {وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجٗا ۝٢ وَيَرۡزُقۡهُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَحۡتَسِبُۚ} [الطلاق: ٢- ٣]

{وَلَوۡ أَنَّ أَهۡلَ ٱلۡقُرَىٰٓ ءَامَنُواْ وَٱتَّقَوۡاْ لَفَتَحۡنَا عَلَيۡهِم بَرَكَٰتٖ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ} [الاعراف: ٩٦].

_ ئەو رۆژووەی کە هۆکاری بەدیهێنانی تەقوایە دەروازەیەکی گرنگە بۆ خۆ بونیادنان، مرۆڤ لە میانەیەوە خۆی دروست دەکات و بەرزی دەکاتەوە، مرۆڤ هەوڵی کەماڵی مرۆیی دەدات و خۆی لەسەروی ژاوەژاوی مادەو رەوتە تێکدەرەکەیەوە دەبینێتەوە، مرۆڤ وا لێ دەکات بەرەو ئاسمان بەرز بێتەوە و لە تیشك و روناکی راستیەکان بەهرە مەندبێت، کاتێك مرۆڤ بەسەر حەز و شەهوەتدا زاڵ بوو ئەوا بەسەر تەمەڵی و سستیدا زاڵ دەبێت، کاتێ مرۆڤ شەهوەتەکانی دەشکێنێت و ملکەچی حەزوو ئارەزووەکانی نابێت ، کاتێك مرۆڤ پێداویستییەکانی ژیان و مانەوەی وەك خواردن و خواردنەوە لەخۆی قەدەغە دەکات، کاتێك بەرز دەبێتەوە بەسەر ئارەزووە لاشەییەکانیدا کە خوا بۆی حەلێڵ کردووە، ئەو کاتە ئەو مرۆڤە دەتوانێت خوی دروست بکات و خۆی بونیاد بنێت، ئەو کات مرۆڤ خۆی لەحەرام دەپارێزێت لە رەمەزان و دوای رەمەزانیشدا دوور دەکەوێتەوە لە خو رەوشتی خراپ و دابونەریتی ناپەسەند .

کاتێك مرۆڤ بەرزو زاڵ بێت بەسەر خواست و حەز و ئارەزووی سك و داوێنیدا کە دوو سەرچاوەی بەلێن گەر بەدرووستی و حەڵاڵی تێر نەکران، ئەوا بە ئاسانی دەتوانێت زاڵ بێت بەسەر قەدەغەکراوەکانی تریشدا وەك درۆو فێڵ و غەیبەت و دوزمانی و بەرتیل و .... هتد .